The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

**بانگەواز بۆ بەشداربوون و پشتیوانی لەخۆپیشاندانی کۆمەڵە و رێکخراوە کوردستانیەکانی هۆڵەند لەشاری دینهاخ دژ بە ملهوڕیەکانی دەوڵەتی تورکیا.**

جەماوەری خەڵکی کوردستان،سەرجەم جالیەی کوردستانی لە هۆڵەندا
سەرجەم هێزو لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان،کۆمەڵەکانی ژنان لاوان و کۆمەڵەرۆشنبیریەکان
کەسایەتیە سیاسی و جەماوەریەکان و سەجەم خەڵکی کوردستان ...

لەشکر کێشی و هەڕەشەو تۆپبارانی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو ئێرانەوە ماوەیەکە بەبیانووی جیاجیا دەستی پێکردووە ولەکەس شاراوەنیە، نەک هەربۆخەڵکی کوردستان بەڵکو سەرجەم ناوەندە سیاسی و خەبەریەکانی دونیای بەخۆوە خەریک کردووە ،چەندین دێهات چۆڵ کروان لەبەر تۆپباران و هەڕەشەو ترسی داگیرکەران و پەلاماردانی سەربازی و ڕەزو باخ و ناوچەکانی کوردستان بە جۆرەها چەک بۆمباباران دەکرێن و لەناوئەوانەدا چەکی قەدەغە کراوی وەک بۆمبی هێشوویی بەکار هاتوون،هەڕەشەو ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بەردەوامەو خەریکە جارێکی تر بەشیوەیەکی فراوانتر لەلایەن دەوڵەتی تورک و ئێرانەوە زۆربەهێزەوە کاریان لەسەردەکرێت،ئازادی و شەخسیەتی ئینسانی کوردو خەڵک و خاکی کوردستان لەهەموو رۆژ زیاترلەبەرانبەر هەڕەشەدان و سەرجەم دەستکەوتەکانی و ڕاپەڕینەکانی و خەباتی بەتوندی لەژێر هەڕەشەو لەبەرانبەر لەناوچووندا دانراون .
چاک وەک بەرپرسایرێتی مێژوویی داواتان لێدەکات کەوەرن پێکەوە ئەم ئەرکە گرنە بگرینەئەستۆو هەمووشانی بدەینە بەرو ئێمە لەمبارەیەوە و بەهیمەتی هەمووان دەست دەدەینە ئەم کارەو هەمووتوانامان بەگەڕ دەخەین.
هەر بەم بۆنەیەوەو بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانی کوردستانیانی هۆڵەندا لەشاری دینهاخ لەبەرانبەر سەفارەتی تورکیادا داوا لەهەمووان دەکەین بەهەموو دەنگ و ڕەنگەکانەوە پشتیوانی و بەشداری بکەن و هەتا دەکرێت و دەتوانرێت خۆپیشاندانەکان گەورەو بەهێزبکرێن ،داواکاری ئەوەشین کەهەموو هێزو لایەنەسیاسیەکانی کوردستان و هەموو ئەندامنایان بەشداربن و لەمبارەیەوە بێدەنگ نەبن.

Ambassade van Turkije
Jan Evertstraat 15
2514 BS Den Haag

چاک لەم بارەیەوە هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ بەهێزکردن و پڕسەداکردنی دەنگی خەڵکی کوردستان لەبەرانبەر ملهوڕی و فاشیزمی دەوڵەتی تورکیادا.
بۆبەرگرتن بەکۆمەڵکوژی و ژێرپێنانی ماف و ئازدیەکانمان وەرن باوەڵام بەداگیرکەران بدەینەوەو خەونە ژەنگ هەڵاتووەکانیان پووچەڵبکەینەوە.
ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک) –کۆمیتەی هۆڵەند-

www.chak.info
chak.org@gmail.com
23-10-2007